# لەبەر خۆڕاگریی شەهید جەمال تاهیر
# بە قارەمانی زیندان لە قەڵەمدرا

مامۆستا جەمال مامۆستای قوتابخانەم‌و مامۆستای ڕێکخستن‌و پورزاشم بوو.

ساڵی 1965 لەپۆلی پێنجەم بووم, مامستا جەمال لەشەدەڵە مامۆستا بوو, بەهۆی بارودۆخی سیاسیەوە هاتەوە سلێمانی تەنسیب کرا لە قوتابخانەی پیرەمەگرون مامۆستام بوو لەوێ. دواتریش مامۆستا جەمال‌و من لەژورێکدا بووین, ژیانمان بردەسەر تاکو ڕۆژی ژن هێنانی لەماڵی کاک حەمەرەشیدی برای.

مامۆستا جەمال خۆشەویستی هەموو خزمانی بوو لەبەر ئەوەی سەری لەهەموو خزم‌و کەس‌و کاری دەوڵەمەندو هەژارمان ئەدا, سوعبەت‌و قسەی خۆشی لەگەڵ هەموو منداڵانی پورەکان‌و خزمان دەکرد, مامۆستایەك بوو زۆر حەزی بە خزمەتی قوتابی هەبوو, چەندین جار ئاگادار بووم کە تۆپی دەکڕی بۆ منداڵانی گوندی شەدەڵە.

لەبەرئەوەی هەموو کەس خۆشی دەویست‌و خزمان زۆریان خۆش دەویست, بۆیە قسەمان دەکرد گوێمان لەقسەکان دەگرت, هەرچی بووتایە جێبەجێماندەکرد, چیخۆش بویستایە ئێمەش خۆشمان دەویست, بۆیە زۆری خزمانی خۆمان مامۆستا جەمال ڕێکیخستوون بۆ کۆمەڵە, وەك شەهید عەلی, شەهید بارام هەموو ئەوانەی ترمان کە ماوین.

ساڵی 1972بوو من خەریکی کتێبێ بووم ئەمخوێندەوە, هاتە ماڵی ئێمە, وتی ئەوەچی دەخوێنیتەوە. منیش باسم کرد, وتم کاك جەمال باڕێکخراوێکی مارکسی دروست بکەین یاخود من دەچمە حیزبی شیوعیەوە. وتی نەجارێ هیچ مەکە, خۆمان خەریك دەکەین بەخوێندنەوە, قسەکەیم وەرگرت. ساڵی 1973, وتم کاك جەمال ئێمە ئەوە ساڵێکە هەردەخوێنینەوەو خەریکین کەی حیزبەکە دروست دەکرێت, وتی ئیتر ئەتوانی ئیش بکەی لەکۆمەڵەداو بۆی باس کردم, وتی تەنها هەر خۆم‌و خۆت ئەبێ بزانین, کەس نابێ بزانێ‌و هەتا کەسیش ڕێك نەخەی, مژدەکەم پێ خۆشبوو. ئیتر بەردەوام قسەی بۆ ئەکردم. ئەوسا خۆشی بەرپرسی ڕێکخراوی دەربەندیخان بوو هی "پ.د.ك".

ساڵی 1974 هەموو چووینە دەرەوە, مامۆستا لە بیارەو خورماڵ بوو ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەرەداخ‌و بەرپرسی رێکخراوی دەربەندیخان بوو, لە پێنجوین زوو زوو ئەهات بۆ لامان هەم وەك خزم‌و وەك ڕێکخستن قسەی بۆ دەکردم. کە هەرەس هات‌و شۆڕش بڵاوەیکرد, مامۆستا جەمال هات‌و پێی وتم خۆشمان تەواو ئیتر کارناکەین‌و شۆڕش ناکەین, وتی نەو خۆمان بەرگری دەکەین. باوکم (ئەحمەد مەجید) ئەوکاتە کرابووە ئامرهێزی ئەزمەڕ, لەبەرئەوە کاك حەمەی سەید عەلی حافیز کە ئامر هێزبوو شەهید ببوو. مامۆستا جەمال وتی هەوڵبدە چەکی هێز کۆبکەرەوە, چەندت توانی لەبەرئەوەی خۆمان بەرگری دەکەین, نەم دەزانی چۆن بەباوکم بڵێم خۆم بەدزی باوکمەوە خەریك بووم. خۆشبەختانە شەهید( عەلی عەسکەری) نامەیەکی بۆ باوکم نارد کە پێی دەڵێ مەڕۆنەوە بەرگریی دەکەین, باوکیشم هەڵسا بەکۆکردنەوەی چەکەکانی هێزی ئەزمەڕ, ئیتر من زیاتر پشتم قایم بوو, بەڵام شەهید عەلی عەسکەری پێی وترابوو نابێت شۆڕش بکات‌و بەرگری بکات‌و ئەویش نەی توانی نامەیەکی تری بۆ باوکم نارد کەدەڵێ ناتوانین هەستین بەوکارە, لەبەرئەوەی دوژمنمان زۆر دەبێت لە سەرکردایەتی "پ.د.ك", باوکیشم مەشجەبەکەی بە سامان خەفاف مفوچ سپاردبوو, وتی بەرەڵای بکە کێ دەیبا بابیبات. هەر

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لەوڕۆژانـەدا, مامۆسـتا جـەمال هاتـەوە وتـی نـاتوانین بـەرگری بکـەین ئـیتر نـازانم بڕیارەکـە چۆن بـوو, وتـی مـن دەڕۆمەوە ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

مامۆستا جەمال وتی ئیتر رۆژی هیمەتو کارکردنـە, مـن ئـەو وەختـە خوێنـدکار بـووم لـە بەغـداد, سەرپەرشـتی کەرتێکم دەکرد پەیوەندی بەمامۆستا جەمال خۆیەوە بوو.

مامۆستا جەمال زۆر بەکارامەیی‌و بەهێمنی کارەکانی دەکردو زۆر ئیعتیمادی لەسەر ماڵی ئێمە هـەبوو, بـۆ کـاری ڕێکخستن هـەرکاتێك کـە پێشمەرگەیەك بهاتایـەوە شار مـن لـەماڵ بوومایە یـان لـە مـاڵ نەبوومایـە, دایکم هـەموو کارەکانی بۆ مامۆستا جەمال ئەنجام ئەدا لەبەرئەوەی زۆری خۆش ئەویست, چەندین جار لـەماڵی ئێمـەدا هاوڕێیـانی دەشاردەوە  وەك کاك مەلا بەختیار و کاك فوئـادە ڕەش کـە مـن ئاگـام لێ نـەبوو, تـەنها مامۆسـتا جـەمال دەیـبردن بـۆ ئەوێ, دایکیشم هەڵئەسا بەکاری پێویست.

هەموو خزمانیش هاوکاریی زۆری مامۆستایان دەکرد, زیاتر لەبـەر خۆشەویـستی مامۆسـتای شـەهید بـوو, لەگـەڵ منداڵ بەینی خۆش بوو, ڕێزی زۆر لەگەورەو بچووك دەگرت.

مامۆستا جەمال سـاڵی 1977 مـانگی (7) بـوو کـە خوێنکارانمـان دروسـتکردەوە, سـەرلەنوێ لـەماڵی ئێمـەدا بـوو کۆنفرانـسمان بەسـت. مامۆسـتا جـەمال تـاهیر خـۆی لەنزیکـەوە سەرپەرشـتی دەکـردین‌و کـاك قـادر حـاجی عـەلی هەڵبـژێردرا بە سکرتێری خوێندکاران, پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی‌و خوێنـدکاران هـەر لـەرێگای مامۆسـتاوە بـوو, گـەر خوێنکـاران شـانازی بەیەکێکـەوە بکـات کـە دەوری زۆری هـەبوو لەدروسـت بوونـەوەی خورێنـدکاران, مامۆسـتا جـەمال بـوو هـانی هـەموانی دا خوێنـدکاران دروسـت بکەینـەوەو ناوەکـەی بگـۆڕین لـە کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی شۆڕشگێری کوردسـتانەوە بـۆ (کۆمەڵـەی خوێنـدکاران) کەئێـستاش هەربەوناوەوەیـە. دوای ئـەوەی شـکێ خرابـووە سەرمامۆستاکە کاری ڕێکخستن دەکات, جارێك گیرا لەسـەر فوئـاد یاسـین (فوئـادە ڕەش) بـەڵام هیـچی لەسـەر ئیـسپات نەبوو بەرەڵاکرا, دواتر جارێکی تـر گـیرا ئـەم جارەیـان ئـازارێکی زۆری بەعـسیانەیان دا مامۆسـتا بـۆی گێڕامـەوە کـە (40) رۆژ لە ژورێکدا بوو, تەنها یەك کورسی تیا بوو, نیوەی قاچەکانی کورسیەکە لـەئاودا بـوو ئـاوی پـیس کەشـەو رۆژ لەسەر ئەوکورسیە بوو وتی ڕۆژێك یەکێك لەئەمنەکان دەرگاکەی کـردەوە, وتـی هـا ئـەم نـان‌و کەبابـە بخـۆ, وتم ئەمە چیـیە ئەمنەکە دەڵێ ئـەوە ئیمتیحـانی سـێی نـاوەنـدیم داوە, خێـرم کـردووە دەرچـم نـان‌و کـەبابی رۆژێـك بـۆ یـەکێکی موسـتەحەق بکـرم, مـنش وتوومـە کـەس لـەتۆ موسـتەحەق تـر نیـیە, بـەڵام توخـوا ئەسـەری خواردنەکـە نەمێنێتەوەو بەکەسیش نەڵێی چوار کەباب‌و نان‌و تەماتە بوو زۆریش خۆش بوو.

وتی دوای نان خواردنەکە وتومە خوایە ئەگەر ببرێم بۆ لێدان, ئێستا لێم بدەن باشە چاك نانم خواردووە.

بۆیە خۆڕاگریی مامۆستا جەمال بەقارەمانی زیندان لەقەڵەم درا کە تەنها ئیعترافی لەسـەر خۆشـی نـەکرد, نـەك خەڵکی تر.

هەربۆیەش کـە بـەردرا, لەکۆنفرانـسی دووی کۆمەڵـەدا هەڵبـژێردرا بـە ئەنـدامی ناوەنـدی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەران. ئیتر مامۆستا لەسەرکردایەتی مایەوە و دواتر بەناچاری سەرکردایەتی گوێزرایـەوە ناوچـەی بـاوزێ, لـەوێش هجومی بۆ کرا, مامۆستا جەمال دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە خۆڕاگری‌و نەفەوتان ئەو شتانەی کە گوێزرابووەوە بـۆ ناوچـەی باوزێ دواتر هێنانیان بۆ سەرگەڵو کە گـرنگترین ئـامێری تیـابوو, ئـەویش ئێزگەکـە بـوو هـەموو پاشەکشەیان کـرد بەسـەلامەتی‌و بـێ زیـان. دواتـر مامۆسـتای بـەڕێز کۆبوونـەوەی هـەبوو لەناوچـەی بالیـسان, چـووە ئـەو ناوچـەیەو لەوێش تووشی ئەو کارەساتە بوو, شەهید بوو.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

دلاوەر ئەحمەد مەجید

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com